Komala Party- Iranian Kurdistan
Secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

## ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە دەربارەی
## سەپاندنی سزای ئیعدام بە سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان

بە پێی هەواڵەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، سەپاندنی سزای ئیعدام بە سەر چالاکانی سیاسیء مەدەنی لە کوردستان، چۆتە ئاستێکی دیکەوە. "فەرزاد کەمانگەر" موعەلیمی کامیارانی، "ئەنوەر حسێن پەناهی" چالاکی فەرهەنگیء "فەرهاد وەکیلیء عەلی حەیدەریان" بە تاوانی موحاربەو هەوڵدان دژی ئەمنییەتی میللی، سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە. کۆڕۆکۆمەڵء ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان، هەڵسوراوانی مافی مرۆڤ ء چالاکانی سیاسی ء مەدەنی، شەپۆلێکی گەورەی نارەزایەتیء کەمپەینی هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدامی ناوبراوانیان لەدژی ئەم پێشێلکارییەی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەگەڕ خستۆە.

ئەگەرچی ساڵانێکی زۆرە ئیعدامی سیاسیی وەک سزایەکی نائینسانی بە بڕوبیاونوی جیاوازەوە لەلایەن دەزگای قەزاییی ڕژیمء دامودەزگا ئەمنییەتییەکانیەوە وەک بەشێک لە پڕۆژەی سەرکوت لە کوردستان بەڕێوە دەچێت، بەڵام لەمانگەکانی ڕابردوودا شەپۆلێکی دیکە لە سەرکوتء بەتایبەت سەپاندنی سزای ئیعدام بەسەر چالاکانی مەدەنیء سیاسی لە کوردستان دەستی پێکردوە. پەروەندە سازی و پیلانگێڕی و تاوان داتاشین، نێوەڕۆکء پاڵنەری سەرەکی سەرجەم ئەم حوکمانەی لەخۆگرتووە.

کۆمەڵە وێڕای مەحکووم کردنی سزای دژە ئینسانی ئیعدام بۆ ئەم چەند چالاکە مەدەنییەء هەروەها وێڕای هاودەنگی لەگەڵ کەمپەینی نێونەتەوەیی دژایەتی لەگەڵ ئەم پێشێلکارییەی مافی مرۆڤ، خوازیاری هەڵوەشاندەوەی ئەم سزایانەء ئازادنی ناوبراوانە و لە خەبات و کەمپەین

بۆ ئازادی ئەوان بەگەرمی پشتیوانی دەکا.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

28ی پووشپەری 87

19ی ژوئیەی 2008

**Web:** www.komala.org

**E-mail:** skretaryat@komala.org